" وەرگێڕ: مەبەست لەم وەرگێڕانانە، هەم ئاگا کردنەوەی خوێنەری کوردە لە بیر و بۆچونە جیاوازەکانی خەلکانی ولاتانیتر و هەم دیتنی پشتی ڕوداوەکانە و وەرگێڕانی هەر مەقالە یا مەتلەبێک، بە مانای دروست یا غەلەت، قەبوڵ یا ڕەدی بیر و بۆچونی ئەو نوسەرانە نیە! سپاس" rahmayub@yahoo.de

نوسەر: ماڵپەڕی BBC
وەرگێڕ: ئەیوب ڕەحمانی

## کارڵ مارکس و قەیرانی دەسمایەداری



بە دوا ڕاگەیاندنی وەرشکەستە بون یا ئیفلاس هێنانی "لیمێن برادرز" یەکێک لە گەورەترین بانکەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ڕۆژنامەی گاردیەنی چاپی لەندەن نوسی کە ئەگەر کارڵ مارکس زیندو بویایە، لەم قەیرانەی کە ئەمڕۆکە نیزامی دەسمایەداری توشی هاتوە زەوق زەدە دەبو، بۆ ئەوەی کە مارکس لەم قەیرانەی کە سەرانسەری نیزامی پوڵی جیهانی لە خۆی گرتوە، کۆمەڵێک لە بیرۆکەکانی خۆی تێیدا بە تەسبیت کراو و وەڕاست گەڕاو دەبینیی.

لە وڵاتی ئاڵمان ڕادەی فرۆشی کتێبەکانی کاڕل مارکس، بە تایبەت کتێبی گرنگی"kapital" "دەسمایە"ی ئەو چۆتە سەرەوە. بونگای لە چاپدانی "کاڕل دیتس" لە شاری بێرڵین ڕادەگەێنێت کە لە کاتی ئاشکرا بونی بەر بڵاوی قەیرانی پووڵی جیهان، فرۆشتنی ئەسەرەکانی پێشەوای کومونیزم 3 بەرابەر بووە.

لە ئاڵمان تەنانەت سەرۆکی نیزامی پووڵی وڵات، واتە بێرشتاین برۆک، وەزیری دارایی، لە وتوویژێکدا لەگەڵ حەوتەنامەی شپیگێڵ دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت: "مارکس ڕاستی دەکرد، دەسمایەدارییکی پڕژ و بڵاو و بێ کۆنترۆڵ، بەو شێوەی کە ئێمە بینیمان، لە کۆتاییدا خۆیشی قوت دەدات."

## ئابوری مارکسی: دەماسەنجی قەیران

کاڕل مارکس زیاتر لە هەر بیرمەندێکی دیکە لە مێژوی زانستی ئابوری لەمەر قەیران لە نێو نیزامی دەسمایەداریدا بیری کردۆتەوە و نوسیوێتی. بنەمای سێنتراڵ لە بیرۆکەی دامەزرانی "سوسیالیزمی زانستی" لە ڕەخنە گرتن لە نیزامی دەسمایەداری ئەوەیە کە قەیران، لەگەڵ نیزامی دەسمایەداری لەدایک بووە و لە ئاکامیشدا بەرەو لەناو چون و فەوتانی دەبات.

مارکس کە بە ئاواتی لەناو بردنی نیزامی دەسمایەداری و بنیات نانی نەزمێکی نوێ بو، بڕیاری دا کە باوەڕە سیاسیەکانی خۆی بە یارمەتی بەدەستهاتوە ئابوریەکان ئیسبات بکات. ئەو کە بە دوای شکست هێنانی شۆڕشەکانی 1848 لە مانەوە و ژیان لە زۆربەی وڵاتە ئوروپاییە ڕۆژئاوایەکان مەنع کرابو، لە ڕوی ناچاریەوە لە ساڵی 1849ەوە بەرەو لەندەن ڕۆیشت و تا کۆتایی ژیانی هەر لەو شارەدا ماوە. لە بریتانیا مەجالی پەیدا کرد کە بە دور کەوتنەوەیکی نیسبی لە چالاکی سیاسی، بە خوێندنەوەی زانستی ئابوریەوە خۆی خەریک بکات. ئەو هەمو ڕۆژێک دەچوە پەرتوک خانەی "بریتیش موزیوم" و تەواوی کاتی بە خوێندنەوەی نوسراوە، سەنەدەکان و موجەللە ئابوریەکان بەسەر دەبرد و دەست نوسی هەڵدەگرت.

پێش لە نوسینی کارە گەورەکەی "دەسمایە"، مارکس کۆمەڵێکی زۆر لە دەست نوسەکانی خۆی وەکو "گرونڕیسە، یا خۆ بن کاری ڕەخنەی ئابوری سیاسی" نوسی، کە ماوەیک دوای کۆچی دوایی لە ساڵەکانی 1939 تا 1941 بۆ یەکەمین جار لە کۆمارە یەکگرتوەکان شۆڕەوی (کۆن) لە چاپ دران. ئەم کتێبە کە بە فارسیش وەرگێڕدراوە، بنەمای کتێبی دەسمایە و ژێر بینای بیرۆکەی ئابوری مارکسیستیە.

## ڕەخنە لە دەسمایەداری کلاسیک

مارکس وەزیفەیێکی گرنگی خستبوە سەر شانی خۆی: ئەو بە تەما بو لە بەرهەمێکی تاقانەدا، هەمو تایبەتمەندیەکانی نیزامی دەسمایەداری تەحلیل و ڕەخنەی لیبگرێت. لە کتێبی دەسمایەدا جار و بار لە گەڵ

پێشداوەری تەهەیوجی و شیعارگەلی توند و تیژی سیاسی ڕوبەڕو دەبینەوە، بەڵام بەم حاڵەشەوە بەرهەمێکی پڕ مانا و قوڵە. بەم هۆیەوە هەوادارەکانی مارکس مەتنە سادە کراوەکەی ئەو کتێبە دەخوێننەوە، بۆ ئەوەش کە زۆرتر بە شوێن بورهانە سیاسیەکانی ئەو کتیبەوەن.
لە روی نەزم و پێشکەش کردنی مەتڵەبەکانیشی کتێبی دەسمایە زۆر پڕ پێچ و پەنا و تێکەڵە. بەڵام لە سەر ئەمانەشەوە، دەسمایە تەنانەت بۆ پسپۆڕانی دژی مارکسیسمیش بەرهەمێکی گرنگ لە ڕوی ڕەخنەگری لە نیزامی دەسمایەداری کلاسیک، چۆنیەتی دروست بونی و لێکدانەوەی کێشەکانیەتی.

## کتێبی دەسمایە، زانستی قەیران

کتێبی یەکەمی دەسمایە تەنیا لە هەزار نوسخەدا لە ساڵی 1867 لە هامبورگ لە چاپ هاتەدەر. (مارکس لە ساڵی 1883 کۆچی دوایی کرد) کتێبی دوهەمی دەسمایە لە ساڵی 1885 و کتێبی سێهەمی لە ساڵی 1894 بە هەوڵ و تیکۆشانی دۆست و هاوبیری فریدریش ئێنگێلس لە چاپ درا.

دواتر لە روی دەست نوسەکانی مارکس، کتێبێکی تر بە ناوی "تێئۆریەکانی نرخی زیادی" دروست کرا کە جار و بار ئەو کتێبە وەک کتێبی چوارەمی دەسمایە ناو لی دەبەن. ئەم بەرهەمەش هەر تایبەت دراوە بە باسی چۆنیەتی نیزامی دەسمایەداری و ڕەخنە لەو نیزامە.

کتێبی یەکەمی دەسمایە باسی ڕابردوی دور و درێژی دەسمایە لە مێژودا دەکات: لە یەکەمین ئاڵ و گۆڕ و داد و ستدەکان، پەیدا بون و ڕەواج پەیدا کردنی پووڵ تا بەرزترین شێوەکانی دەسمایەی خالسی ئینحیساری. مارکس هەمو شکڵەکانی دەسمایە، مەرحەلە جۆر بە جۆرەکان و ئاڵ و گۆڕەکانی بە شەرح و هێنانەوەی نمونەی زۆر شی دەکاتەوە.

دەسمایە لە 3 مەرحەلە دەگوزەرێت: مەرحەلەی پوولی، بەرهەمهێنان و کەرەستە. دەسمایەی پوولی لە هاتنە ناو بازاڕی کارەوە، لە گەل هێزی کار و کەرەستەی بەرهەمهێنان هاوڕی دەبێت، و بە شێوەی دەسمایەی بەرهەمهاتو یا دەسمایەی بەرهەم هێنەری لێدێت. دەسمایەی بەرهەم هێنەر بە هۆی بەرهەم هێنانی کەرەستە دەبێتە دەسمایەی کەرەستەیی. ئەم کەرەستانە بە هاتنە نیو بازاڕەوە پوڵ (و: بە سودەوە) بەرهەم دێنێت کە دوبارە بەشی هەرە زۆری ئەم پووڵە، وەک دەسمایەی پوڵی دەگەڕێتەوە شوێنی سەرەتا و ئەمجارە بە سورعەت و هێزێکی زیاترەوە هەل دەسوڕێت. بە باوەڕی مارکس ئەم تێپەڕینی دەورانییە، دایمە توندتر و خێراتر و پڕ پێچ و خەمتر دەبێتەوە.

## بەرفراوان بونەوە و گەورە بونەوەی داییمی دەسمایە

لە ڕەوەندی گەورەبونەوەی دەسمایە و دوبارە بەرهەم هاتنی، مارکس مەرحەلەکانی وەک کۆکردنەوە، ئینحیسار و تەمەرکوز شەرح دەدات. دەسمایەی بەرهەمهێنان لە سەرەتاوە لە دوو بەش پێک دێت: سەقامگیر و ناسەقامگیر. دەسمایەی ناسەقامگیرە کە کار بە کرێ دەگرێت (بە جیا کردنەوەی کاری عادی و کاری تایبەت، کاری بەرهەمهێنان و کاری غەیری بەرهەمهێنان) بە ئەو قازانجەی کە لە ڕێگای کارەوە (هێزێکی کۆمەڵایەتی) پەیدا دەبێت و بە شێوەی کەرەستە لەبەر دەست دایە، قازانجێکی زیادەش دەگەڕێتەوە کە ئەمە دەسمایە زیاتر دەکات. مارکس شکڵە جۆر بە جۆرەکانی قازانجی زیادەی بە شێوەیکی باش شەرح داوە.

دەسمایە لە ڕەوەندی گەورەبونەوەی خۆیدا، بە شێوە دینامیسمێکی ناوخۆیی و بێ وەستان هەر کات گەورەتر دەبێتەوە و هەروەک هەرەسی بەفر کە هەر دەم گەورەتر دەبێتەوە و هەمو لەمپەرەکانی سەر ڕێگای خۆی لادەبات، یا هەمو ئەو لەمپەرانە قوت دەدات بۆ ئەوەی خۆی قەڵەوتر بیتەوە، و کاتێک کە ئیتر لەمپەرێک یا کێشەیێکی لە سەر ڕێ نەما ئەو جار خۆی قوت دەدات. بە باوەڕی مارکس گەورەتر و زۆرتر بونەوە لە زاتی

دەسمایەدایە و وەستانی دەسمایە بە مانای مردنی ئەوە. ئەو هەوڵ دەدات بە هەموان بسەلمێنێت کە ئەم گەورەتر بونەوە تا ئەبەد هەر بەردەوامە، بەڵام لە شوێنێکدا بە ڕکود و کەم بونەوە و ئەوجا بە قەیران دەگات، ئالێرەدایە کە کاتی مردنی دەسمایە دەگات.

دەسمایە جار و بار خۆی دژایەتیە ناوخۆیەکانی دروست دەکات، کە ئەمە لە قەیرانە ئابوریەکاندا خۆی نیشان دەدات. دژایەتی سەرەکی کە چارەنوسی دەسمایە دیاری دەکات، ئەو دژایەتیەیە کە لە بەینی هێزی گشتی کار بۆ بەرهەمهێنانی قازانجی زیادە (سەرچاوەی دەسمایە) و شێوەی کەسێتی خاوەنداریێتی کەرەستەی بەرهەمهێنان و کەرەستە بەرهەم هێنراوەکان دروست دەبێت. هەر ئەم دژایەتیەیە کە لە ئاکامدا گەورەتر بونەوەی دەسمایە بە بۆن بەست دەگەێنێت و شەیپوڕی مەرگی دەسمایە لێدەدات.

## قەیران لە زاتی دەسمایەدا

کتێبی دووهەم جاریکیتر باسی ئاڵوگۆڕەکانی بەرهەمهێنانی دەسمایەداری دەکات و لە دوبارە دروست کردنەوە و خۆ سازدانەوەی بێ کۆتایی دەسمایە (لە ڕەوەندی بوونی دەسمایە بە کەرەستە و مەرحەلەی بوونی دەسمایە بە دەسمایە و هتد...) تا هێندێک لەو تەوەرانەی کە لە کتێبی یەکەمدا قسەیان لە سەر نەکرابو باس دەکات، وەکو: جۆرەها بەرهەمهێنان(بەرهەمهینانی کەرەستە و کشت و کاڵ بۆ مەسرەف، هەتا بەرهەم هێنانی کەرەستەی بەرهەمهێنان)، شێوەکانی قازانج و بەهرە بردن و هتد.....

مارکس تەئکید لە سەر خاڵێک دەکاتەوە کە بۆ تێ گەیشتنی قەیرانەکانی نیزام گرنگە: بە دوا ئەوەی کە دەسمایە زیادی کرد و کۆ دەکریتەوە، بەشێک لە دەسمایەکە لە ڕەوەندی بەرهەمهێنان جیا دەکرێتەوە و بە شێوەی دەسمایەی سەربەست و خالیس دەخرێتە گەڕەوە. لەم حاڵەتەدا لە سەر یەک کۆبونەوەی دەسمایە فەردیەکان بە سەر هەمو ڕەوەندی بەرهەم هێنان زاڵ دەبێت و تەئسیر دەخاتە سەر چۆنیەتی بەرەو پێش چونی. ئەسڵی " کەمترین دەسمایە بۆ زۆرترین قازانج" کێبەرکێ و ڕەقابەتی سروشتی کار لە گەڵ دەسمایە دەکاتە کێ بەرکێی توندی دەسمایە لە گەڵ دەسمایە. لەم کاتەدا ئەگەر ئەم دەسمایە بە قازانجی هاو تەراز لە گەڵ ئەوەی کە بە پێی قاعیدەی دیاریکراو لە بازاڕدا باوە، نەگات، هەمو نیزام توشی قەیران دەبێت.

مارکس جارێکی دیکە بەم ئاکامە دەگات کە : "بە ئینحیسار دەر هاتنی دەسمایە بۆ ئەو شێوەی بەرهەمهێنانەی کە خۆی(دەسمایە) هەر بەو شێوە پێک هاتوە و گەورە بۆتەوە، وەکو ڕێگرێکی بۆ گەورەتر بونەوە لێدێت. زید و نەقیز بون لە بەینی کۆ بونەوەی کەرەستەی بەرهەمهێنان لە لایکەوە و خیسڵەتی کۆمەڵایەی هێزی کار لە لایکی دیکەوە تا ئەو جێگایە دەگەن کە ئیتر پێکەوە مانەوەیان لە ناو بەرگی دەسمایەداریدا نامومکین دەکات. ئەم بەرگە لە ئاکامدا دەتەقێت."

## مژدەی لە ناو چونی دەسمایەداری

بەرگی سێهەمی دەسمایە بە پەیدا بووەکان و چۆنیەتی کارکردنی نیزامی دەسمایەداری لە سەر بنەمای دراوەکان و تەحلیلە تێئۆریەکانی دوو بەرگی پێشتری ئەم کتێبە دەخاتە بەر باس. ڕابیتەکانی کار و قاعیدەکانی حەقدەست، نیسبەتەکانی بەرهەمهێنان و فرۆشتن و بەکار هێنان، کێبەرکێی بونگا پوولی و تەجاریەکان، خستنە گەڕی دەسمایە لە زەوی و مڵکدا و لە ئاکامدا بەرگری حەقدەست بگیران (و: کرێکاران) بە شێوەی شۆڕشی ڕێکخراوی چینایەتی....

مارکس هەروەها دەڵێت کە بە پێشکەوتنی تەکنیکی، نیسبەتەکانی بەینی دەسمایەی سەقامگیر و دەسمایەی ناسەقامگیر بە قازانجی سەقامگیر تەواو دەبێت، لە حاڵێکدا کە زۆرترین قازانج دایمە لە دەسمایەی

ناسەقامگیر بەدەست دێت. بە هاتنە خوارەوەی قازانج، ئەنگیزە بۆ بەرهەم هێنان کەم دەبێتەوە، بەم شێوە دسمایە لە گەورەتر بونەوە، واتە زاتی وجوودی خۆی دور دەکەویتەوە. نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە وەکو کۆمەڵێک زەرەری ئابوری و کۆمەڵایەتی زاهیر دەبێت. لە ئاکامدا بە هێرشی ئەو قەبر هەڵکەنانەی کە دەسمایە خۆی خەڵقی کردون (پرۆلێتاریا) شەیپوڕی مەرگی دەسمایە لێدەدرێت.

مارکس مژدەی لەناو چونی حەتمی حکومەتی دەسمایە دەدات: "هەر نەزمێکی مێژوویی لە تەکمیل بونی کۆمەڵگادا، بنەما مادیەکانی سەر و سامانێکی باشتر پێک دێنێت. هەر فۆڕمێکی کۆمەڵگا لە مەرحەلەی گەیشتن بە کامیل بون، جێگای خۆی دەدات بە نەزمێکی باڵاتر. کاتێک کە دژایەتی لە بەینی نیسبەتەکانی دابەشکردنی سەروەت، لە گەڵ هێزەکانی بەرهەمهێنان و زەرفیەتی بەرهەم هێنان بە کۆتایی بگات، لێک هەڵوەشانێکی بەرین و قوڵ پەیدا دەبێت. لەم کاتەدا تێک هەڵچونێک لە بەینی تەکمیل بونی مادی بەرهەم هێنان و فۆڕمی کۆمەڵایەتی ئەو دروست دەبێت." مارکس ئەم حاڵتە بە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەزانێت.

## مارکس و جیهانی ئێمە

ئایا باوەڕەکانی مارکس بە تێگەیشتن و تەحلیل کردن یا خۆ گرێ کردنەوەی قەیرانی بەربڵاوی ئێستا یارمەتی دەگەیێنێت؟ بۆ ولامی ئەم پرسیارە دەبێت لە پرسیارێکی تردا بگەڕێین: ئایا ئەو کۆمەڵگایەی کە مارکس باسی کردوە و ڕەخنەی لێ گرتوە، ئەمڕۆکە هیچ ئاسەوارێکی ماوە؟

هێندێک لە قوڵ بینیەکانی کتێبی دەسمایە هەر ئێستاش ڕۆشنکەرەوەی ڕێیە: بۆ نمونە ئەوەی کە گەورەبونەوەی سالم و هەماهەنگی دەسمایە لە سەر بنەمای بەرهەمهێنانی دایمی قازانج دانراوە. بۆ مارکس تەنیا کاری مرۆڤدۆستانە سەرچاوەی هەرجۆرە قازانجێکە. دەسمایەداری لە سەر بەدەست هێنانی قازانج تەئکید دەکات، بەڵام لە نەزمێکی بێ سەر و سامان و هاوسار پچڕاودا، شێوە ئینحیرافیەکان و بەدەڵەکان ڕەواج پەیدا دەکەن کە ئیمکانی بە دەست هێنانی قازانج لە سەر شتی بێ ئەرزش ڕەواج دەدات. وەکو کایە بە بوڕس و مەعامەلە بێ کۆتایەکانی وەرەقە بەهادارەکان .....

لە بوڕسدا هیچ شتێکی بە ئەرزشی نوێ بەرهەم نایات، بەڵکو هەر ئەو ئەرزیشی سەقامگیرەیە کە دایمە و دەرهەم لە بەینی بوڕس بازەکاندا دەست بە دەست دەگەڕێت و نرخەکەی زیاتر و زیاتر دەکات. بەڵام ئەم شێوە گەورەبونەوەی پف کراو حەد و حدودی هەیە، لە شوینێکدا ئەم حوبابە دەتەقێت. بیرۆکەی نیئۆلیبراڵ کە لە ئەوەڵەکانی دەیەی 1980 لە ناو نیزامی پووڵیدا ڕەواجی پەیدا کرد، نە تەنیا کاری بەم بێ سەرە و بەرەییە نەدابو، بەڵکو تەشویقیشی دەکرد.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە مارکس بەرهەمەکانی خۆی لە دەورەکانی کلاسیکی دەسمایەداریدا، لە ڕەخنە گرتن لە بۆچونەکانی ئادام سمیت و دێوید ڕیکاردۆ و زۆربەی ئابوریزانانی سەدەی نۆزدهەم نوسیبو. لەو نەزمی ئابوریەی ئەو کات ئێستا ئیتر هیچ ئەسەرێک نەماوە. کار و بارە پەیوەندیدارەکان بە پوڵ و بازاڕ لە جیهاندا ئەمڕۆکە بە شێوە و قاعیدەگەلێکی بە تەواوی جیاواز لە گەڵ سەدەی نۆزدەدا کار دەکەن و هەڵدەسوڕێن. ئاڵوگۆڕە داییمیەکان لە شێوەی کاری دەسمایەداریدا، بە تایبەت بە بیر و بۆچونەکانی کینز لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، دەسمایەداری بە نەزم و شێوەیێکی ماقوڵتر موجەهەز کرد و ڕوخسارێکی هادیئتر و هێواشتری دا بە نیزامی دەسمایەداری، کە هاوکات لەگەڵ گەورەتر بونەوەی ئابوری، یەکسانی و هەڵس و کەوتە کۆمەڵایەتیەکانیشی تا حەدێکی زۆر مومکین کردوە.

لەو قوربەسەری و بێ دەرەتانیە ترسناکەی سەدەی نۆزدەهەمیش، واتە ئەو کاتانەی کە زەحمەتکێشان "هیچ شتێکیان بێجگە لە زنجیرەکانیان نەبو" تا لە دەستی بدەن، ئیتر لەمەش هیچ ئاسەوارێک نەماوە.

له نێوان بەرهەمەکانی کارڵ مارکس، نوسراوە ئابوریەکانی ئەو زۆرترین قەوارەی هەیە، بەڵام ئەمڕۆکە کەمتر رو دەکرێتە ئەم بەرهەمانە، تەنیا بەم هۆیە سادەیە کە دەورەیان بە سەر چوە. ڕێ پیشاندەرە ئابوریەکانی مارکسیش، یا هەرگیز بە کردەوە دەرنەهاتن و یا ئەگەر لە شوێنێکیش بە کردەوە دەرهاتبێتن، هیچ شتێکیان بێجگە لە فەساد و رکود و بە ئیفلاس گەیشتن نەهێناوەتە بار.

**سەرچاوە ماڵپەڕی BBC**
http://www.bbc.co.uk/persian/lg/business/2008/10/081026_shr_aan_marx.shtml

14ی گەلاڕێزانی (خەزەڵوەری) 2708